# چیرۆکەکانی ئیدگار ئالان پۆ




## وەرگێڕان

**پ.ی.د. مەحەمەد عەزیز سەعید**

**لە ئینگلیزیەوە کردونی بە کوردی**

**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت،**

**زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر**

**ئەیلول ٢٠٢٢**

# The Stories of
# Edgar Allan Poe




Translated into Kurdish by
Dr. Mohammed Azeez Saeed
College of Basic Education,
Salahaddin University-Erbil
September 2022

# چیرۆکەکانی ئیدگار ئالان پۆ

# وەرگێڕان

پ.ی.د. مەحەمەد عەزیز سەعید

لە ئینگلیزیەوە کردونی بە کوردی

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین-

هەولێر

## پێشەکی

ئەو وەرگێڕانە بریتین لە پێنج کورتە چیرۆکی ئەمەریکی، نوسەر و شاعیر و ڕەخنەگری ئەدەبی ئەمەریکی ئێدگار ئالان پۆ نوسیونی. بەناڕون و تۆقێنەر ناویکردوە. نوسەر لە 1809/1/19 لە بۆستن-ئەمەریکا لە دایك بووە. لە 10/7/ 1849 لە تەمەنی چل ساڵیدا لە ماریلاند - ئەمەریکا کۆچی دووایی کردوە.

لە ماوەی قەدەغەی هاتووجۆ، بەهۆی بڵاو بونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەولێر، سودم لەکات وەرگرت لە 24-2-2020 تاوەکوو 15-4-2020 وەرم گێراونە سەر زمانی کوردی و پێشکەش بە خوێنەرانی کوردی دەکەم، هیوادارم سودبەخش بن .

وەرگێڕ

ئەیلول 2022

# یەکەم: توانای وشەکان

ئۆینۆس، لێم ببورە، ئاگاتۆس، لاوازی ڕوح، بونی هەتا هەتایی پێویستە! ئاگاتۆس، نەت گوت، ئۆینۆسی ئازیز، پێویستە داوای لێبوردن بکەی، زانین هەست نیە، بەڵام ژیری، بە دڵنیاییەوە هەستە، داوا لە فریشتەکان بکە، پێت ببەخشن.

ئۆینۆس، بەڵام لە کاتی ژیانی دوایی، خەونم بینی، کە من ڕاستەوخۆ، بەزانینی هەموو شتەکان دەگەم، ڕاستەوخۆ ، هەست بە بەختەوەرییەکی بێ پایان دەکەم. ئای، ئاگاتۆس، بەختەوەری، لە زانین دا نیە، بەڵکو بەختەوەری لە وەدەست هێنانی زانین دایە! خۆشی هەتا هەتایی ئەوەیە، بەردەوام بزانی، بەڵام زانینی هەموو شتێك، نەفرەتی شەیتانە.

باشە ئۆینۆس، ئایا خوای گەورە هەموو شتێك نازانێ؟ ئاگاتۆس ، ئەمەش تاکە شتێکە، هەموو کەس بەختەوەر ترن، کە پێویستە نەیزانێ. ئۆینۆس، بەڵام، لەبەر ئەوەی هەموو ساتێك زانینمان بەردەوام پێوست نیە، لە زیاد بوون دا بێ، ئایا لە کۆتاییدا، هەموو شتێك بزانین؟

ئاگاتۆس، تەماشای ئاسمان بکە، هەوڵ بدە ، چاوەکانت، هەموو ئەستێرەکان ببینێ، بە ناویاندا شۆڕ دەبنەوە، لە سەرەخۆ شۆڕ

دەبنەوە- هەتا هەتاییە. ئایا بینینی ڕوح، بە دیوارە ئاڵتوونیەکانی گەردوون دا، خۆی هەمیشە سنوور دارە؟ ئەو دیوارانەی بەهەزاران تەنی درەوشاوەیان تێدا دروست کراوە، تێکەڵ بە تەنیایی بێ سنوور بووە.

ئۆینۆس، باش دەزانم بێ کۆتایی مادە، خەون نیە. ئاگاتۆس، لە ئاسمانەکان خەون نیە، بەڵام زانیومانە، کە تاکە ئامانج لە بێ کۆتایی، کانیاوی زۆری بێ کۆتاییمان دەزانی، ڕوح تینوی فێربونە، ئارەزویەك نەکوژاوەتەوە، ناش کوژێتەوە، ئەگەر بکوژێتەوە، کۆتایی بە ڕوح دێ.

ئۆینۆسی هاوڕێم، بە ئازادی، بە بێ ترس، پرسیارم لێبکە، وەرە، با لەلای چەپمانەوە، کەلوی سورەییا بریقەدارەکەی ئاسمان بە جێ بهێڵین، بڕۆین لە خەڵك دور بکەوینەوە، بڕۆین بۆ پشت کەلوی پیاوە زەبەلاحەکە( حەوتەوانە)، پڕە لە گوڵی سالوس و وەنەوشە، پڕە لە چەندین خۆری سیانی، خۆری سیانی ڕەنگدار.

ئۆینۆس، ئێستا پێم بڵێ، ئەی ئاگاتۆس، کاتێك لە بۆشایی ئاسمان دەخولێینەوە، بە زمانی سەر زەوی قسەم لەگەڵ بکە! دەزانم تۆ ئاماژەت بە من دا، دەربارەی دروست بوەکان (مخلوقات) و چۆنیەتی دروست بونیان، دەربارەی ئەوەی پێمان دەگوت، دروست بوون

(الخلق)، کاتێك مرۆڤین، لەناو دەچین، دەتەوێ بڵێی پەروەردگار، دروست کەری شتەکان نیە؟

ئاگاتۆس، دەمەوێ بڵێم خواوەندەکان، هیچ دروست ناکەن، ئۆینۆس، تکایە، بۆم ڕون بکەوە. ئاگاتۆس، تەنها لە سەرەتادا، خوا دروستی کردون، ناتوانین بڵێین دروست بوەکان، وا پێدەچێ، دەرئەنجامی ناڕاستەوخۆ بن، ڕاستەوخۆ نین، ئاسمانیان لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر پڕ کردوە، بەبێ هۆ نین.

دەرئەنجامەکان هەموویان بەیەکەوە بەستراون، جیا نابنەوە، نابێ دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی هێز و توانی خوای گەورە بێ. ئۆینۆس، ئەم بیرۆکەیە، خەڵکان وای دەبینن، هێریتیکی(ملحد) بێ سنوور بێ. ئاگاتۆس، لەلای فریشتەکان، ڕاستیەکی بێگومانە.

ئۆینۆس، لێت تێدەگەم، دەتەوێ بڵێی ، بونی هەندێ کار کە ئێمە پێی دەڵێین، سروشت، یان پێی دەڵێین یاساکانی سروشت، لە هەندێ دۆخدا دەردەکەون، جێ پەنجەی تەواوی دروست کەریان پێوە دیارنیە. بەبیرم دێ ، پێش وێرانبوونی کۆتایی زەوی، زۆر تاقیکردنەوەی سەرکەوتوو ئەنجامدران، هەندێ فەیلەسوف، ناویان لێ نا " دروستبونی جوڵاو".

ئاگاتۆس، لەڕاستیدا ئەوەی تۆ باسی لێوەدەکەی، تەنها نمونەن، دروست کەرەوەی دووەمن، دروست بوی یەکەم، جارێکی تر دووبارە نابێتەوە، لەو کاتەوەی وشەی یەکەمی درکاند، بونی یاسای یەکەم. ئۆینۆس، جیهانی ئەستێرەکان، لە ساتە وەختی یەکەم، تەقینەوەیەك لە ئاسمان ڕویدا. ئایا ئەو ئەستێرانە، پادشای گەورە دروستی نەکردون؟

ئاگاتۆس، هەوڵ دەدەم، ئەی ئۆینۆس، هەنگاو بە هەنگاو بت بەم بەرەو ئەو بیرەی ئاماژەی پێدەکەم. باش دەزانی هیچ بیرۆکەیەك، کۆتایی نایات، هەروەها، هیچ کارێك، بێ ئەنجام نابێت. کاتێك دانیشتوی زەوی بوین، دەستەکانمان دەجولاند، لە ئاسۆی پشتەوەمان ، لەرینەوەمان دروستدەکرد، ئەم لەرینەوەیە، جوڵەی دا بە هەموو تەنۆلکەیەکی ناو بەرگی هەوای گۆی زەوی، هەموو بە یەك جوڵەی دەست ڕویدا. زانایانی بیرکاری ، درکیان پێ کرد، ئەنجامەکانی تایبەت بەم لەرینەوەی لە شلەکاندا ڕودەدا، پاڵنەرێکی باشی هەژمار کردنە. ئێستا زۆر ئاساییە، بزانین لە چی کاتێك، پاڵ پێوەنەرێك دەتوانێ گەردوون بسووڕێنێتەوە و کاری لێ بکا- هەموو کاتێك، لەناو هەموو گەردیلەیەکی بەرگی هەوای دەورووپشتمان.

زانیان دەڵێن ئەم پێشکەوتنە، توانایەکی بێ سنوورە، هیچ شتێك نیە ئەم هەژماردنە بوەستێنێ، ئەنجامەکان دەکرێ بە شیکردنەوەی جەبری، بەدوایدا برۆن، جگە لە ڕوحی دروست کەر، بیرکارەکان لێرە وەستان، لێکۆڵنەوەکانیان ڕاگرت. ئۆینۆس، بۆچی وەستان، ئەی ئاگاتۆس، دەبوو زیاتر و قوڵتر، بڕۆنە ناو لێکۆڵینەوەکان.

ئاگاتۆس، لە کۆتاییدا، دەرچەی بێسنووری هەیە، دەیان توانای زانینەکان، شتێکی زیرەکی بێ کۆتایی، شتێك هەموو شیکردنەوە بیرکارییەکان، بە بێ کێشە. بە دواچون بکەن لەسەر هەموو جوڵەیەك لەهەوادا ڕویداوە، بگوازرێتەوە ناو ئەسیر، لە گەورەترین دانەوەی شێوە کۆنەکان دا.

لەڕاستیدا توانی، بیسەلمێنێ، کە هەموو جۆرە جوڵەیەکی لەم شێوەیە، دەتوانێ کار لەسەر هەموو شتێکی تاك لەم گەردوونەدا بکات- شتە زیرەکە بێکۆتاییەکە- ئەوەی لە خەیاڵمان دا بوو، دەتوانێ بە دواداچون لەسەر شەپۆلە دورەکان بکات، بەرەو سەر و بەرەو پێش، دەتوانێ دورتر بە دوایدا بڕوات، لە گۆڕانی شێوەکان، بە واتایەکی تر، بە دوای تازە دروست بوەکان دا بڕوات، تاوەکوو ئەوکاتەی تێك دەشکێ، بەرامبەر تەختی خوایی، لاواز دەبێ.

ئۆینۆس، تۆ تەنها باسی جوڵەکانی هەوا دەکەی. ئاگاتۆس، کاتێك باسی هەوا دەکەم، بیرم تەنها لەلای جیهانی زەویە، بەڵام باسەکە تایبەتە بە هەموو گەردوون و بۆشایی ئاسمان، ناوەندی دروست کردنی مەزن. ئۆنیۆس، کەواتا هەموو جوڵەیەکی لەم جۆرە، دروست کەرە.

ئاگاتۆس، بەڵێ وایە، فەلسەفەی ڕاستەقینەیە، لە کۆنەوە فێری کردوین، کە دەڵێ ، بیر سەرچاوەی هەموو جوڵەیەکە و سەرچاوەی هەموو بیرێکیش – ئەی ئۆینۆس، خوایە.

ئاگاتۆس، ئەی ئۆینۆس، هەروەکوو منداڵێکی سەر ئەم زەوییە جوانە، قسەم لەگەڵتا کرد، دەربارەی جوڵەکان، لە بەرگی زەوییدا ڕویان داوە. ئۆینۆس، بەڵێ ئاگاتۆس، تۆ گوتت.

ئاگاتۆس، کاتێك بەم شێوەیە قسەم دەکرد، هەستت نەدەکرد، بیری توانای وشە سروشتیەکان، بە مێشکت دا دێ؟ ئایا هەموو وشەیەك، لە هەوادا جوڵەیەکی نیە؟ ئۆینۆس، ئاگاتۆس، بۆچی دەگرییەی، ئای بۆچی کاتی خولانەوەمان بەسەر ئەم ئەستێرەیەدا، باڵەکانت لە ناو دەچن.

سەوزترین ئەستێرەیە لە ناو هەموو ئەستێرەکانی بە ناویاندا فڕین- زۆر گوڵی جوان، هەروەکوو خەونێکی خۆش بوو، کاتێکی

هەوجا، دڵێکی نەسرەوت. ئاگاتۆس، بەلێ وایە — وایە، هەروەکوو ئەستێرەی کێوی، سی سەدە لەمەو پێش، دەستی لە ملی کردبوو، چاوی فرمێسکاوی، لە ژێر پێی خۆشەویستەکەم، قسەم لە گەڵیدا کرد، بە چەند ڕستەیەکی دڵ ڕاکێش، گوتە جوانەکانی مەزنترین خەون، هەرگیز نەهاتەدی، بورکانە شێتەکان، سۆزی دڵ، لە هەموو دڵەکان هەوجا تر، بێگەرد ترین دڵ.

توانای وشەکان، دەمەتەقەیەکی فەلسەفەییە. ئیدگار ئالان پۆ، نوسەرو شاعیر و ڕەخنەگری ئەدەبی ئەمەریکی نوسیویەتی. نوسەر لە 1809/1/19 لە بۆستن-ئەمەریکا لە دایك بووە. لە 10/7/ 1849 لە تەمەنی چل ساڵیدا لە ماریلاند - ئەمەریکا کۆچی دوایی کردوە. نوسەر لە ساڵی 1845 ئەم دیالۆگەی بەچاپ گەیاندوە. وەرگێر لە 2020/3/24 لە هەولێر کردویە بە کوردی.

## دووەم: بێدەنگی

شەیتان دەستی لەسەر سەرم دانا، گوتی:

گوێم لێبگرە. ئەو شوێنەی باسی دەکەم، شوێنێکی زۆر غەمگینە لە لیبیا، لەسەر کەناری ڕوباری زائیر( کۆنگۆ)، لەوێ حەسانەوە و بێدەنگی نیە.

ڕەنگی ئاوی ڕوبارەکە زەعفەرانیە، ئاوی نەخۆش ، بەرەو دەریا ناڕوات، لەژێر چاوی سووری خۆری هەتا هەتایی، بە بیاباندا دەڕوا و نامێنێ، پێچاو پێچ دەجولێ و ڕێی گرتۆتە بەر. لە هەموو لایەکەوە ، لقی جۆگەلەی ئاوی قوڕاو دێتە ناوی. بیابانێك لە نیلۆفەری گەورە ، درێژ بۆتەوە، هەرگوڵە پەرۆشی دەستە خوشکە گوڵەکەی تەنیشتیەتی، لەو تەنیاییە، هەموویان هەر وەکوو خێو، ملیان بۆ ئاسمان بەرز کردۆتەوە، پۆپکەی هەتا هەتاییان دەلەرێتەوە. هاشەیان لێوە دێت. هەروەکوو هاژەی ڕوباری ژێر زەوی. هەر گوڵەو پەرۆشی گوڵە خوشکەکەیەتی. ولاتەکەی مەرزی خۆی هەیە، ئەم مەرزەش ئامانجێکی بەرزە، ترسناکە، تاریکە، دارە بچوکەکان، بەردەوام، لە جوڵەدان، هەروەکوو شەپۆلەکانی دورگەی هەبرایدەکان.

لەکەڵ ئەوەشدا، با لە ئاسمان نەدەهات، دارە سەرەتاییە گەورەکان، لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر، شۆڕ دەبوونەوە، دەنگێکی بەهێز. شەونمی بێ کۆتایی لە سەر پۆپی گوڵەدارەکان دەباریێ، دڵۆپە دوای دڵۆپە. لە ڕەگەکانیانەوە بەرەو سەر، گوڵی نامۆی ژەهراوی نوستو ، لێ یان ئاڵاوە. هەورە رصاصیەکان لە سەر سەریانەوە بە هێمنی نزم دەبنەوە. لەرینەوە ڕوەو ڕۆژئاوا هەروەکوو تاڤگەی ئاو لە پشت دیواری ئاسۆی ئاگر. لە گەڵ ئەوەشدا، هیچ بای نەدەهات، بێ دەنگی و هێمنی لە کەنارەکانی ڕوباری زائیر نەبوو.

کات شەو بوو، دەباریێ، ئەوەی دەباری باران نەبوو، کاتێك دەگەیشتە سەر زەوی، دەبوو بە خوێن. منیش لە ناو گۆمی گوڵەکانی نیلۆفەر دانیشتبوم، باران بەسەرمدا دەباری، هەرگوڵە نیلۆفەرێك، بە غەمباریەوە پەرۆشی گوڵە خوشکەکەی بوو.

لەناکاو، مانگ لە پشت تەمێکی نەرمی غەمبار دەرکەوت، ڕەنگی سوور. نزیك کەناری ڕوبارەکە، چاوم بە تاشە بەردێکی گەورەی ڕصاصی کەوت، مانگ ڕوناکی کردبوەوە، تاشە بەردێکی ڕصاصی

بەد بەخت، بەرز – ڕصاصی بوو. چەند پیتێکی لەسەر هەڵ کەندرابوو، لە ناو گۆمی نیلۆفەرەکانەوە، بەرەو پێش ڕۆیشتم، لە کەناری ڕوبار نزیك بومەوە، مەبەستم خوێندنەوەی پیتە هەڵکەندراوەکان بوو، بەڵام لێیان تێنەگەیشتم، نەمزانی نیشانەی چیە. لە گەڕانەوەمدا، مانگ ڕەنگی سوور تر بوو، ئاوڕم دایەوە، تەماشای تاشە بەردەکە و پیتەکانم کردەوە، پیتەکان، بریتی بون لە وشەی " وێران بوو".

سەرم هەڵبڕی، پیاوێك، لەسەر لوتکەی تاشە بەردەکە بوو، لەناو نیلۆفەرەکان خۆم حەشاردا، بزانم پیاوەکە چی دەکات. پیاوەکە، جەستەیەکی ترسناکی گەورە بوو، لە شانەکانیەوە تاوەکوو پێیەکانی، بە پەڕۆی ڕۆمانی کۆن، لول دابوو. جەستەی لەلام ڕون نەبوو، دەم و چاوی لە شێوەی دەم و چاوی خواوەند دەچوو. هەرچەندە شەو بوو، دەم و چاوی دەدرەوشایە، ناوچاوانی بەرز، شەونم، تەم، مانگ. هیوای دەبەخشی، چاوەکانی ، پڕ لە خەیاڵ، لە کوڵمەکانی ، چیرۆکی نائوومێدی، ماندویی، بیزاری مرۆڤایەتیم دەخوێندەوە، تەنیایی زۆر پێوە دیار بوو.

پیاوەکە لەسەر تاشە بەردەکە دانیشت، سەری خستە سەر دەستەکانی، تەماشای دەوروپشتی کرد، وێرانی بینی. دارە بچووکەکان ناسرەون، هەروەها دارە سەرەتاییەکانیش. لە لای سەرەوە، ئاسمانی کش و مات، مانگی سوور. لە ناو گۆمی نیلۆفەرەکان ، خۆم حەشار دابوو، چاودێری هەڵسو کەوتی پیاوەکەم دەکرد، پیاوەکە لە تەنیایی دەلەرزی – شەو درەنگ داهات، بەڵام لەسەر تاشە بەردەکە مایەوە.

پیاوەکە ڕوی وەگێڕا، بەرەو ڕوباری زائیری غەمگین، تەماشای ئاوە زەردەکەی کرد، گوڵەکانی نیلۆفەر سیس بوبوون، گوێی لە هەناسە و چرپەی نیلۆفەرەکان دەگرت. خۆم شاردبووەوە، تەماشای پیاوەکەم دەکرد، بزانم چی دەکات. لە تەنیایی هەڵدەلەرزی – شەو درەنگ داهات، لەسەر تاشە بەردەکە نەجولاً.

بەرەو لاکانی گۆمە دورگەکە ڕۆیشتم، بەسەر دارستانی نیلۆفەرە نەرمەکان دا تێپەڕ بوم، بانگی ئەسپەکانی ڕوبارم کرد، لە قولآیی گۆمەکەدا بون. ئەسپەکانی ڕوبار، گوێ یان لە دەنگم بوو، لە گەڵ

به هیمۆسەکان هاتن، بە دەنگی بەرز، لە ژێر ڕوناکی مانگ، دەیان حیلان. هەتاکوو ئێستا هەر خۆم حەشار دابوو، چاودێری پیاوەکەم دەکرد. لەتەنیاییدا هەڵ دەلەرزی، شەو درەنگ بوو بوو، بەڵام پیاوەکە هەر لەسەرتاشەبەردەکە بوو، دانیشتبوو.

لەوکاتەدا نەفرەتم، لە غڵبە غڵب کرد، زریانێکی ترسناك لەئاسمان دەرکەوت، هیچ شنە بایەك لە هیچ شوێنێك، نەما. لەژێر کاریگەری زریانەکە، ئاسمان شین و ڕەش هەڵ گەڕا. باران بەسەر پیاوەکەدا دەباری – شەپۆلەکانی ڕوبار بون بە لافاو، ئەو ڕوبارە بێگەردە، پڕ بوو لە کەفاو، نیلۆفەرەکان هاواریان دەکرد، لە ژێر کاریگەری ڕەشەبا، دارستانەکان پەرت و بڵاو بون. تریشقەی لێ دەدا، بروسکە دەدرەوشایەوە، تاشەبەردەکە خۆی گرتبو، هێشتا لە حەشارگەکەدام، تەنیا بوم – شەو درنگ بوو، پیاوەکە لە سەر تاشە بەردەکە مابو، دانیشتبو. لەوکاتەدا، گەرم داهاتم، نەفرەتم کرد، هەروەکوو نەفرەتی بێدەنگی ڕوبار، نیلۆفەرەکان، ڕەشەبا، دارستان، ئاسمان، تریشقە، هەناسەکانی نیلۆفەر، هەموویان کەڕ و لاڵ بوون.

مانگ له ئاسمان وەستا — تریشقەكان نەمان، هەورەكان سڕ بون، ئاوی ڕوبار گەرایەوە سەر دۆخی پێشوی، هێمن بوەوە. دارەكان ڕاست بوونەوە، چیتڕلار نەبونەوە، نیلۆفەرەكان له هەناسەدان وەستان، هیچ چرپەیەك لەم بیابانە كاكی بە كاكیە نەدەهات. تەماشایەكی پیتەكانی سەرتاشە بەردەكەم كرد، گۆڕابوون، ببون به وشەی " بێدەنگی".

تەماشای دەم و چاوی پیاوەكەم كرد، له ترسان زەرد هەڵ گەڕابوو، سەری بەرز كردەوە، هەستایە سەر پێ، هەستی ڕاگرت، بەڵام لەم بیابانە بێ كۆتاییە، هیچ دەنگێك نەدەهات، پیتە هەڵ كەندراوەكانی سەر تاشە بەردەكە " بێدەنگ" بوو. پیاوەكە ترسا، ڕوی وەرگێڕا، ڕای كرد ، دوور، بەخێرایی دوور، تاوەكوو له چاو ونبوو.

ژمارەیەكی زۆری چیرۆك و حیكایەت هەن، له كتێبی پادشاكان، لەناو بەرگی ئاسنن. دەڵێم گەلێ چیرۆك هەن ، دەربارەی ئاسمان، زەوی، ڕوباری بەهێز. چیرۆكی ئەو كاتەی جنۆكەكان زەوی و دەریا

و ئاسمانیان داگیر کردبوو، زۆر وشەی بەسوود لە قسەی جادوگەرەکاندا هەن، شتی بەنرخ، زۆر بە نرخ، گەڵاکانی جەستەی دودۆنا، ئەمانەیان هەموو بیستوە. بەڵام ، دەزانم خوا هەیە، زیندوە و نامرێ، دەزانم ئەم چیرۆکە شەیتان بۆی گێڕاومەوە، کاتێك لە قەبرەکەم لە نزیکمەوە دانیشتبوو، نامۆترین چیرۆکە.

کاتێك شەیتان چیرۆکەکەی تەواوکرد، چووە ناو قوڵایی قەبر، دەستی کرد بە پێ کەنین، نەمتوانی لە گەڵی پێ بکەنم. نەفرەتی لێ کردم، چونکە لەگەڵی پێ نەکەنیم. ئاژەڵە کێوییەکەی ناو قەبری هەتا هەتایی هاتە دەرەوە، لەنزیك پێیەکانی شەیتان خەوت، تەماشای چاوەکانی دەکرد.
وەرگێر لە 2020/3/19 لە هەولێر کردویە بە کوردی.

## سێیەم: سێبەر

**ئارەزوی هەڵاتن لە مردن...بەڵێ ، هەرچەندە بە دۆڵی سێبەردا تێپەڕ بوم – سروودی داود پێغەمبەر.**

بەڵێ ، ئێوە هێشتا لە ژیان دا مابون، منتان خوێندەوە، بەڵام من دەنوسم، ماوەیەکی زۆر لەمەو پێش، چومەتە ناوچەی سێبەرەکان. لەڕاستیدا، گەلێ شتی نامۆ، ڕودەدات، شتە نهێنیەکان ئاشکرا دەبن. چەندین سەدە دەڕوات، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك، ئەم یادەوەریانە ببینێ. هەندێکیان باوەڕی پێ ناکەن، هەندێکیان گومانی لێ دەکەن، کەسانێك هەن، هەست بە پیتە هەڵکەندراوەکانی سەر تابلۆکان، بە هەڵکێنەری ئاسنی دەکەن.

ساڵ ساڵی ترس بوو، پڕ بوو لە هەستی تۆقێنەر، لە سەر زەوی هیچ ناوێکی نەبوو، پەرجوو، نیشانەجیاکەرەوەی زۆر ڕویدا بوو، ڕەشە ڕشانەوە ، باڵەکانی کێشابوو بە هەموو لایەکدا، بە ناو دەریا و سەر زەویدا. جادوگەرەکان، دەیانزانی ئاسمانەکان دیاردەی چارەسەریان هەیە، لەلام ڕون بوو، "ئۆنیۆسی" یۆنانی، لە ساڵی 794 نزیك دەبوینەوە، هەسارەی موشتەری دەچێتە ناو ئالقە سوورەکەی زوحەل. گیانی ئاسمانەکان، ئەگەر هەڵە نەبم، ڕوحی ئاسمانەکان،

باڵی ڕادەکێشا، نەك هەر بەسەر زەویدا، بەڵکو بەسەر مرۆڤایەتی و بیرەوەرییەکان و تێ ڕامانینەکانیش دا.

شەوێکیان، حەوت کەس بوین، لە هۆڵێکی گەورەدا، لەناو کۆشکێکی گەورەی تاریك بە ناوی " پتۆلیمایس" بە دەوری شوشەکانی پڕ لە شەرابی مارۆنی، دانیشتبوین. هۆڵەکە تەنها یەك دەرگای گەورەی هەبوو، لە مس دروست کرابوو، "کۆرینۆس" دروستی کردبوو، چۆن دروست کردنێك، زۆر دەگمەن بوو، لە ناوەوەدا دادەخرا. پەردە ڕەشەکان، ژورەکەیان دەپاراست، مانگ و ئەستێرە غەمگینەکان و شەقامە چۆڵەکان، لە ناو پەردەکاندا دیار بوون. لە دەورو پشتمان، لە نزیکمان ، گەلێ شت هەبوو، نەمدەتوانی گرنگیان بێ بدەم – هەست بەخنکان، شتی سروشتی و ڕوحی – قورسایی لە هەوادا، گەمارۆدان، لە سەرو هەمویانەوە، ئەو هەستە ترسناکە، کەسانی نەسرەوت هەیان بوو، کاتێك هەستەکان لە خەو هەڵ دەستن، هێزی ڕوحە وەستاوەکان، بە دڕندەیی دەگەشێنەوە، قورساییەکی کوشندە دەیان هاڕێ.

بەسەر جەستەماندا بڵاو دەبوەوە، لەسەر شتەکانی ژورەکەدا، بە ناو ئەو پەرداخە شەرابەی دەمان خواردەوە، هەموو شتێك وا دەردەکەوت، پەستێنراوە، خەیاڵە هێزە، هەموو شتێك، جگە لە

حەوت چرا ئاسنەکە، ڕوناکی کردبووەوە، زۆرمان خواردبوو و خوارد بووەوە. گڕی ئاگر لە داوە باریکەکان هەڵدەستا، هەروا دەمایەوە، زەرد هەڵ گەڕاو و وەستا. هەموویان لەوێ دانیشتبون، بە دەوری خوانی " ئیبۆنی" دانیشتبوین، وەکوو ئاوێنەی لێ هاتبوو، دەمان ڕوانیە دەم وچاوی زەرد و چاوە درەوشاوەکانی هاوڕێکانی.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێ دەکەنین، دڵخۆش بوین، بەو شێوە هیستیرییەیەی تێ ی دابوین – گۆرانی شێتانەمان دەگوت، زۆرمان دەخواردەوە، کاتێك بیرمان دەکەوتەوە، شەرابە مارۆنیەکە، خوێنی بە بیر دەهێناینەوە، خۆ ئەگەر کەسی هەشتەم لە ژورەکە بێ، ئەوا " زوێلەس" ی لاوە. درێژ کرابوو، مردو بوو، کفن کرابوو، ڕواڵەتی جنۆکەو و شەیتانی بوو.

بەداخەوە، بەشداری خوشیمانی نەدەکرد. دەم و چاوی مەینەتی تێدا بەدی دەکرا، چاوەکانی، مردنی نەڕەواندبووەوە، لەنێو گەرمەی ڕەشە ڕشانەوە – واپێدەچوو، گرنگی دەدات بە خۆشیەکەمان، بە هەمان شێوەی گرنگی دانی مردوەکان بە سەرپەرشتیکارانی مردن. بەلام من و "ئۆنیوس" هەستمان کرد، چاوە مردوەکان ، تەماشامان دەکەن، هەوڵم دا لە بینینەکەی تێ نەگەم، زۆر بە گرنگییەوە

تەماشای قولایی ئاوێنە ئەبەنۆسیەکەم دەکرد، بە دەنگی بەرز، گۆرانی دەڵێم، بە ئاوازی گۆرانییەکانی کوڕی " تیۆس".

ورده ورده وازم لە گۆرانی گوتن دەهێنا، دەنگدانەوەی گۆرانییەکەم لە ناو پەردە تاریکەکاندا دوور دەکەوتەوە، لاواز دەبوو، نەما. گۆرانیەکەم لە ناو پەردەکاندا نەما، سێبەرێکی تەماوی دەرکەوت، شێوەی نەبوو، شێوەیەك لە سەر شێوەی مرۆڤ ، مانگ پێش ئاوا بوونی دروستی دەکا. سێبەری مرۆڤ نەبوو، سێبەری خواوەند نەبوو، سێبەری هیچ شتێکی ناسراو نەبوو. لە کۆتاییدا، دوای ئەوەی لە ناو پەردەکەدا هەندێك هەڵ لەرزی، لەسەر ڕوی دەرگا مسەکە، ڕاست ڕاوەستا.

سێبەرەکە نەناسراو بوو، شێوەی نەبوو، هیچ نیشانەیەکی نەبوو، سێبەری مرۆڤ یان خواوەند نەبوو – خواوەندی یۆنانی، یان کلدانی یان میسری. سێبەرەکە زۆر هێمن لە سەر دەرگا گەورەکە دەجولا، هیچ قسەی نەدەکرد، ڕەق بوبوو، بە ڕەقی مایەوە. ئەگەر هەڵەنەبم، دەرگاکە بەرامبەر پێیەکانی " زۆیلەسی" لاوی مردو بوو. ئێمەی حەوت هاوڕێکە، ئازایەتیمان تێدا نەبوو، تەماشەی ئەو سێبەرەی لە پەردەکانەوە هاتبوە دەرەوە بکەین، چاومان نزم کردبوو، تەماشای قولایی ئاوێنە ئەبەنۆسەکەمان دەکرد. لە

**كۆتاییدا، من و ئەنۆس ، بە چرپەی هەندێ وشە، لە سێبەرەكەمان پرسی، دەربارەی " ناو و شوێنی دانیشتنی"، سێبەر وەڵامی دایەوە: من سێبەرم، شوێنی دانیشتنم نزیك قەبری " پتولیمیاسە"، نزیك دەشتە دۆزەخە رصاصیەكانی دەوروپشتی جۆگەلەی شارۆن. هەر حەوتمان لەترسان هەستاین، ڕاوەستاین، لەترسان هەڵ دەلەرزین، تۆقیبوین، دەنگی سێبەرەكە وەكوو دەنگی یەك كەس نەبوو، بە ڵكوو وەكوو دەنگی كۆمەڵێك كەس وابوو، دەنگەكە لەكاتێكەوە بۆ كاتێكی تر دەگۆڕا، دەهاتە ناو گوێمان، لاسایی زاراوە زانراوەكانی هەزاران هاوڕێ ی مردومانی دەكردەوە.**

**وەرگێر لە** 2020/3/22 **لە هەولێر كردویە بە كوردی.**

## چوارەم: دۆزینەوەی دەستنوسێك لە شوشەیەك دا

نازانم دەربارەی ولأتەکەم و خێزانەکەم چی بلێم. هەڵسوکەوتی خراپ و سالأنی درێژ لە ولأتەکەمی دورخستمەوە، لە خێزانمیش نامۆی کردم. سامانەکەم ڕۆشنبیرییەکی ناسروشتی پێ بەخشییم. هەستی بیرکردنەوە، توانای دارشتنی چیرۆك نووسین ، لە دراساتەکانی یەکەمم دا پێ بەخشییم. دانایی و خوو و ڕەوشتی ئەڵمانی، بەشێوەیەکی تایبەت، سەرنجیان ڕاکێشابووم. بەهۆی هەستی گەمژەییم نەبوو، بەهۆی سەر شێتانەوە نەبوو، بەڵکو بە هۆی ئاسانی ئاشکرا کردنی دوو ڕوییان بوو. بە هۆی خوو ڕەوشتی بیرەکانم. سەرزەنشتی زیرەکیم، لاوازی خەیاڵم. بیرو ڕای گوماناویم. ناوبانگێکی خراپی بۆ بەجێ هێشتم. لە ڕاستیدا، ئارەزوی توندی فەلسەفەی سروشت، هەڵەیەکی گرنگی لەم چەرخەدا پێدام. ئەویش ئەوە بوو ڕونکردنەوەی ڕوداوەکان لەسەر بنەمای پرینسیپی زانست. هەروەها ئەو شتانەی نەدەکرا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ. بەشێوەیەکی گشتی. من لە هەمووکەس کەمتر ئامادەیی دەربازبونم تێدابوو. لەو ڕێگا ڕاستیە و لە ژێر کاریگەری خەیاڵی درۆ. ویستم ئەم پێشەکیە بلێم، ئەم چیرۆکە تیژە کە باسی دەکەم، لە خەیاڵێکی گەرمەوە هەڵقولأوە.

تاقیکردنەوەی عەقڵ نیە، خەیاڵەکان بۆ پیتی مردو بوون، بەتەواوی نەبوون.
دوای چەند ساڵێك لە سەفەر کردن، لە ساڵی-18 لەکەناری باتاڤیان لە دوورگەی جاڤای دەوڵەمەند و پڕ لە دانیشتوان، بە کەشتی سەفەرم کرد بەرەو دورگەکانی ئەرخەبیل. وەکو گەشتیار ڕۆیشتم، چونکە هیچ شتێکی تر نەبوو پاڵم پێوە بنێ. بێجگە لە شێواوی دەرونم، هەروەکوو ئەوەی جنۆکەکان کاریان لێکردبم.
سواری کەشتیەکی جوان بوین، کێشی نزیکەی چوارسەد هەزار کیلۆ دەبوو . لە بۆمبای لە داری ساجی مالا دروست کرابوو. تەواوی لاشەی کەشتیەکە بە مس داپۆشرابوو. باری لۆکە و ڕۆنی لە دورگەی لاجادیف هەلگرتبو. گوێزی هیندی و دۆشاوی خورما و ڕۆنی ڕوەکی لە گەڵ چەند کارتۆنێك ئەفیۆن بار کردبوو. بارەکان بە ڕێك و پێکی دانرابون. بەردەوام کەشتیەکە بەم لاو ئەولادا دەڕۆیشت.
ڕۆیشتین، کزە بایەك پاڵی پێوەدەنا، ڕۆژانێکی زۆر لەگەڵ کەناری ڕۆژهەلاتی جاڤا دا ڕۆیشتین، هیچ شتێك لە ڕێگا کێشەی بۆ درووست نەکردین. چەند بەرزکەرەوەیەك لە ئەرخەبیل کاریان دەکرد. ئێوارەیەك، بە دیواری کەشتیەکەدا پاڵم دابووەوە، پەڵە

هەورێك لە ئاسمان سەرنجی ڕاکێشام. لە لای باکووری ڕۆژئاوا بوو، ڕەنگە نامۆکەی سەرنجی ڕاکێشام. تاکە پەڵە هەور بوو لەو کاتەوەی لە باڤیا دەرچوبوین دیتبوم. تاوەکوو ڕۆژئاوا بەگرنگیەوە سەرنجم لێی دەدا. لە ناکاو، بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا پەرت بوو. بە پشتێنێکی هەڵمی باریك ، هەروەکوو کەناری لم، ئاسۆی داپۆشی. لە ناکاو مانگی نوێ دەرکەوت، سەرنجی ڕاکێشام، دەریا لە شێوەیەکی تایبەت دا بوو. دەریا بە خێرایی دەگۆڕا، ئاوەکەی لە جاران زیاتر ڕون دەبووەوە. هەستم دەکرد بنی دەریا بەباشی دەبینم. دوای هاویشتنە خوارەوەی پێوەری قوڵی دەریا، بۆمان دەرکەوت کەشتیەکە تەنها پازدە باڵ لە بنی دەریاوە بەرزە. هەوا بە شێوەیەك گەرم بوو، بەرگری نەدەکرا. هەوا بە هەڵمی ئاو هەروەکوو هەڵمی ئوتو قورس بووبوو. شنەباکان لەگەڵ نزیك بونەوەی ئێوارە نەدەمان. بێدەنگیەك، نەدەزاندرا، داهاتومان چۆن دەبێ. لەسەر کەشتییەکە، مۆمێك دەسوتا، تاڵە مووەکان لە نێوان پەنجەکاندا، شۆڕ ببونەوە. هیچ شتێك لەرینەوەکانی تێك نەدەدا.

کابتنی کەشتیەکە، دەیگوت، پێشبینی هیچ مەترسییەك ناکا. بەڵام فەرمانی دا، چارۆکەکان کۆبکەنەوە، قولابی وەستانی کەشتییەکە شل بکەنەوە. هیچ چاودێری کردنێك نەبوو. دەریاوانەکانی دورگەی

مالی لەسەر کەشتیەکە درێژ بوبوون، هیچپیان بەلاوە گرنگ نەبوو. ڕۆیشتمە خوارەوە، چومە ژورەکەم، هەستم بە نەهامەتییەك دەکرد، خوا بەخێری بگێڕێ.

لەڕاستیدا، هەموو دیاردەکان وایان نیشان دەدا، زریانێك/باهۆزێك هەڵدەکات. کاپتنم لە ترسەکەم ئاگادار کردەوە، گرنگی بە قسەکەم نەدا. تەنانەت وەڵامیشی نەدامەوە. ترسەکەم خەوی لەچاوم زڕاندبوو. لە نیوە شەودا، چومە سەر ڕووی کەشتیەکە، پێم خستە سەر دوایین پێ ی قادرمەکە و دەنگێکی بە هێز، لە سەر شێوەی ئاشی با هات. پێش ئەوەی بزانم چی بوو، کەشتیەکە بەتەواوی لار بووەوە. شەپۆلێکی گەورە، پاڵی بە لایەکی کەشتیەکەوە نا، شەپۆلە ئاوەکە کەوتە سەر ڕووی کەشتیەکە و لە پێشیەوە تاوەکوو دواوەی داپۆشی.

ئەم لێدانە هۆی ڕزگار بونی کەشتیەکە بوو، هەموو کەشتیەکەی داپۆشی. دینگەی ڕاگری چارۆکەکانی شکاند. کەشتیەکە بەرز بوەوە، قورس بوو. لە ژێر کاریگەری زریانەکە لارە لاری دەکرد. لە دواییدا ڕاست بووەوە.

چی ڕزگاری کردم؟ هەر خوا بۆخۆی دەزانێ. لێدانی شەپۆلەکە، لە هۆش خۆی بردم. کاتێك بە هۆش خۆم هاتمەوە، کەوتبومە نێوان

سووکان و دیواری دواوەی کەشتیەکە . زۆر بە ستەمی توانیم لە سەر پێیەکانم ڕاوەستم. تەماشای دەورو پشتم کرد. یەکەم شت بە خەیاڵم داهات، هەمووومان کەوتبوینە نێوان شەپۆلەکان. زۆر ترسناك، دوور بوو لە هەموو خەیاڵێکی پێش بینکراو.

دوای ماوەیەك گوێم لە دەنگی پیرەمێردێکی سویدی بوو، لەگەڵمان بوو، بانگم کرد، بە شل و شۆق هاتەلام. بۆمان دەرکەوت کە تەنها هەر ئەو دوانەمان لەوکارەساتە ڕزگار بوین. هەموو ئەوانەی لە سەر ڕووی کەشتیەکە بوون، شەپۆلی ئاو ڕای ماڵیون بۆ ناو دەریا. کابتن و دەریاوانەکان، دەبێ خنکابن، چونکە لە کاتی خەوتندا بوون و ژورەکەیان پڕ ئاو بوو بوو.

بەبێ یارمەتی نەمان دەتوانی هیچ شتێك بکەین و کەشتیەکە ڕزگار بکەین. هەوڵماندا، هیچمان بۆ نەکرا، وامان دەزانی لە ئاودا نقوم بوین. پەتەکان پسا بوون، چارۆکەکان هەر لەسەرەتای زریانەکەوە دڕا بوون. وەکوو پەتی خەیاڵ وابوون، ئەگەر ئەوانە نەبوایە، لەناوچو بووین. لە بەر دەریا ڕامان دەکرد، شەپۆلەکە، کونی لە دیواری کەشتیەکە کردبوو. دواوەی کەشتیەکە بەتەواوی شکابوو. کەشتیەکە زیانی گەورەی پێگەیشتبوو. زۆر دڵخۆش بوین کاتێك زانیمان پاڵ پێوەنەرەکان نەگیراون. بارەکە پارسەنگی لەدەست

نەداوە. باهۆزەکە تێ پەڕیبوو. ڕەشە بایەکە زۆر نەی دەترساندین، چاوەڕوانی هێور بونەوەی بوین. زۆر دەترساین، هەستمان دەکرد ئێمەش لەناو دەچین. چونکە کەشتیەکە زۆر شکەستی خواردبوو، پێش بینی کارەساتی ترمان دەکرد.

پێنج شەو و پێنج ڕۆژ بەم شێوەیەماینەوە، هیچمان پێ نەبوو بیخۆین، جگە لە دۆشاوی خورما، لە لای پێشەوەی کەشتیەکە بوو، زۆر بە ستەمی دەستمان کەوت. بەم شێوەیە ماینەوە. کەشتیە تێکشکاوەکە، زۆر بەخێرایی، لە ژێر کاریگەری ڕەشابایەکە، بەرەو پێش دەڕۆیشت. هەرگیز شتی وام نەبینیبوو. لە چوار ڕۆژی یەکەم ئاراستەی ڕەشەبایەکە ڕوەو باشوور و باشووری ڕۆژهەلأت بوو. وا پێدەچوو، بە کەناری هۆڵەندی نوێ دا تێپەڕ بوین. ڕۆژی پێنجەم، ئاراستەی ڕەشەبایەکە ڕوەو باکوور گۆڕاو زۆر ساردی کرد.

خۆر هەلأت، ڕوناکیەکی زەردی نەخۆش، چەند پلەیەك خۆر لە ئاسۆ بەرز بوەوە، بەلأم ڕوناکیەکە کز بوو. هەور بەئاسمانەوە نەبوو، ڕەشەباکە بەهێز بوو. نزیك نیوەڕۆ، هەستمان کرد، شێوەی خۆر سەیرە، هیچ ڕوناکی و تیشکی نیە. هەروەکوو بڵێی هەموو ڕوناکیەکەی لە چەقیدا قەتیس ماوە. پێش ئەوەی لە دەریادا نقوم ببێ، هەروەکوو هێزێکی شاراوە، کوژاندبیەتەوە. لەسەر شێوەی

ویلێکی زیوی تاریك، بە تەنیا کەوتبێتە ناو تاریکایی زەریای نەزانراو.

بەبێ هیوا، چاوەڕوانی بەیانی ڕۆژی شەشەممان دەکرد. ئەو بەیانییەی هێشتا نەهاتبوو- هەرگیز هاوڕێ سویدیەکم نای بینێ. هەر لەو کاتەوە، تاریکی دایپۆشین. تەنانەت بیست هەنگاو پێش کەشتیەکەمان نەدەدی.

شەوێکی هەتا هەتایی دایپۆشین، دانەوە فسفۆریەکانی دەریاکانی پشتێنەی زەوی بەدی نەدەکرا. هەستمان کرد، شەپۆلەکان دەردەکەون، هەرچەندە زریانەکە هێور نەبووەوە، ئەوەی لەدەورو پشتمان بوون تەنها ترس و تاریکی بوو. بیابانی خنکاوی ڕەشی ئەبەنۆس. ترسێکی گەورە، بەسەر مێشکی پیرەمێردە سویدیەکەدا زاڵ بوو بوو، هەستێکی ڕوحی بێدەنگ. گرنگیمان بە کەشتیەکە پشت گوێ خست. چونکە گرنگی دان بە کەشتیەکە، هیچ سودی نیە. لە لای دواوەی کەشتیەکە، توند خۆمان بە دینگەکان گرتبو. زۆر بە ناخۆشی ودڵ تەنگی ، تەماشای زەریامان دەکرد. کات ژمێرمان پێ نەبوو، نەمان دەزانی ڕاستی بارو دۆخمان چیە. دەمان زانی زۆر بەرەو باشوور چوینەتە ناو زەریا و دوور کەوتوینەتەوە. گەیشوینەتە شوێنێك، هیچ دەریا وانێك پێی نەگەیشتوە. توشی

هیچ ڕێگرێکی سەهۆڵی نەبوین. لەم کاتەدا، هەموو چرکە ساتێك، وامان دەزانی، دوا چرکە ساتی ژیانمانە. هەموو هێرشێکی شەپۆلەکە، دەیویست لە ناومان ببات.

شینی و هەوجای شەپۆلەکان لەخەیاڵ بەدەر بوون، تاوەکوو ئێستا مابوین، بەڕاستی پەرجوو بوو. هاوڕێیەکەم، بەکەمی دەربارەی کەشتیەکە دڵخۆشی دەدامەوە. ئەمەش گوایە، شتێکی باشە. بەمەش دەتوانم بێ هیوایی لەهەستم دا بەدوور بگرم. خۆم ئامادە دەکرد بۆ مردن، باوەڕم وابوو ، دواناکەوێ، چونکە لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی بەرەو پێش چونمان، دەریا تاریکەکە، وردە وردە ، دڕندەتر و شێت تر دەبوو.

هەندێ جار، هەناسەمان قورس دەبوو، کێشەی هەناسە دانمان بۆ دروست دەبوو. هەندێ جاریش سەرمان دەسوڕا، بە خێرایی دەکەوتینە ناو دۆزەخی دەریا. هەوا دەوەستا و هیچ شتێك ئاژەڵە پڕوپووچەکانی بێدەنگ نەدەکرد. لە ناکاو هاورێکەم ، هاواری لێ هەستاو گوتی تەماشاکە! تەماشاکە!

" ئای خوایە! تەماشاکە! تەماشاکە!"

کاتێك قسەی دەکرد، تیشکێکی سوورم دیت لە دەورو پشتمانی دەدا و کەشتیەکەی دە درەوشاندەوە. کاتێك سەرم بەرزکردەوە، خوێن

**لە دەمارەکانمدا وەستا، واقم وڕما. لەسەر سەرمانەوە، لە لێواری شەپۆلە سەر بەرەو ژێرەکە، کەشتییەکی زەبەلاح، کێشی چوارسەد هەزار کیلۆ، لە سەر شەپۆلێك، بەرزییەکەی زیاتر لە سەد مەتر دەسوڕایەوە. زۆر گەورەتر لە هەموو کەشتییەکانی هێڵ یان لە هەموو کەشتییەکانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات.**

**لاشەی کەشتییەکە، زۆر زەبەلاح بوو، ڕەنگی ڕەشی تاریك، هیچ بابەتێکی ڕازاندنەوەی پێوە نەبوو. ڕیزێك لە تۆپی هاوەن و گەلێ چراوگی جەنگ کردن بە پەتەکانەوە هەڵواسرابوو. ئەوەی لە لامان نامۆ بوو، هەموو چارۆکەکانی کەشتییەکە بلاّو کرابۆوە. هەرچەندە دۆخی دەریا زۆر ناگیر بوو و زریان بەرگری نەدەکرا. تەماشامان کرد، تەنها پێشەوەی کەشتییەکە بوو، لە سەرەخۆ بەرز دەبوەوە، بۆ چرکە ساتێك لەسەر لوتکەی شەپۆلی دەریا دەوەستا . وەکوو ئەوە وابوو، گەورەیی خۆی نیشانمان بدات، دەلەرزی و نزم دەبووە وە.**

**نەمزانی چۆن خۆمان گرتبو، ئەوەندەی توانیم پاشەکشەم کرد، چاوەڕێم کرد، چی کارەساتێك بەسەرم دا دێ. کەشتیەکەی خۆمان بەرگری گردنی زریانەکەی نەما و خۆی بەدەستەوە داو نقووم بوو. بەرکەتنی شەپۆلەکە، کەشتیەکەمانی شکاند و وەك بارستاییەکی**

زەبەلاح کەوتە خوارەوە، ناچار بوم بازم دایە سەر کەشتیە نەناسراوەکە.

دوای چرکە ساتێك، هەستم بە هەستانەوەی کەشتییەکە کرد. بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە. دەریاوانەکان، سەریان لێ شێوابوو، ئاگایان لەمن نەمابوو. زۆر بە ئاسانی توانیم بچمە ناو دەرگا نیوەکراوەکە و لە هۆڵەکە خۆم بشارمەوە. بۆچی وام کرد؟ ناتوانم باسی بکەم. هۆی ترسەکەم لەوە سەری هەڵدابوو کە بۆ یەکەم جار دەریاوانی کەشتیە گەورەکەم دی. لە یەکەم چرکە ساتەوە ، دەمویست خۆم بخەمە ناو خەڵکەوە. زۆر ترس و گومانم لێ یان بوو، لە بەر ئەوە بوو، وام بەباش زانی ، خۆم حەشار بدەم. تەختەیەکم لاداو لە ناو تەختە گەورەکاندا، حەشارگەیەکم دابین کرد.

لەم کاتەدا، گوێم لە دەنگی پێ یەك بوو، بە پەلە سودم لێ وەرگرت، بەنزیك حەشارگەکەمدا تێ پەڕی. دەلەرزی و بەم لا و ئەولادا دەڕۆیشت. دەم و چاویم نەبینی، جەستەی لێم دیار بوو. لاواز و ئەژنۆی دەلەرزی. ماندویی پێوە دیار بوو. ورێنەی دەکرد، نەمزانی دەڵێ چی. لێ ی تێنەگەیشتم، ڕۆیشت بەرەو ئەو گۆشەیەی پڕ بوو

له نەخشەی کەشتییەوانی. هەڵسو کەوتی تێکەڵ بوو بوو بە ترس و لە خوا پارانەوە. ڕۆ یشتە سەر ڕووی کەشتیەکە و نەم دیتەوە.
گیانم هەستێکی تێدا بوو، نەمدەزانی چیە- هەستێك – هیچ کەس نازانێ چیە و هۆکارەکەشی چیە. فەرهەنگەکانی ڕابوردوو نەیان بینیوە. دەترسم لە داهاتوش هەر نەزانم چیە. هەرکەسێك ئەو شێوازەی هەبێ، خۆی لەناو دۆزەخ دا دەبینێتەوە. دەزانم من ناتوانم – تەنها ناتوانم، بوەستم و بیری لێ بکەمەوە. شتێکی سەیر نیە، کە ئەم بیرۆکانە، نامۆیە، نادیارە، چونکە سەرچاوەکانیان، لە سەرچاوەی نوێ وە هەڵدەقوڵێ. خەسڵەتی تازە، بونێکی نوێ بۆ ڕووحم زیاد بوو.
کاتێکی زۆر تێ پەریبوو لەو کاتەوەی پێم نابووە سەر کەشتیە زەبەلاحە ترسناکەکە. بەبیرم دادێ، تیشکی ژیانم لە خاڵێکدا ، کۆدەبێتەوە. ئەم مرۆڤانە چەند تاریکن! بە جۆرە بینینێك، خۆیان داپۆشیوە، نازانم چۆن باسی بکەم. دێن و دەڕۆن، بەبێ ئەوەی هەست بە بونم بکەن. خۆشاردنەوەم لە لام شێتیە، ئەم مرۆڤانە نایانەوی ببینن. ئێستا جێگری کابتن بەلامدا تێ پەڕی، ماوەیەك لەمەوبەر، خۆم کرد بە ژوری کابتن دا. پێداویستیەکانی نووسینم هەڵگرت، ئەوانەی پێم نوسیبوون. لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بە

دواداچونی ڕۆژانەم دەکەم . ڕاستە، لەوانیە من چانسم نەبێ بە جیهانی ڕابگەیەنم، بەڵام دەتوانم ڕێگایەك بدۆزمەوە بۆ گەیاندنی. لەکاتی گونجاو دا، ئەم دەستنوسە ، دەخەمە ناو شوشەیەك و فڕێ ی دەدەمە ناو زەریا.

ئەم ڕوداوە، کاتی زۆری پێ بەخشیم، بیری لێ بکەمەوە، ئەم شتانە کاری سروشتە و سیستماتیکی نیە. بە بێ ئەوەی سەرنجی کەس ڕابکێشم، لەسەر کەشتیەکە پیاسەم کرد، دوایی لە نێوان کۆمێك ئامێر و چارۆکەی کۆن، لە ناو بەلەمێك دا پاڵ کەوتم. بیرم لە چارەنوسم دەکردەوە، هەموو جەستەم پیس بوو. چارۆکەیەکی بچوك لە سەر بەرمیلێك، لە نزیکمەوە دانرابوو.چارۆکەکە بلاو کرابووەوە، لەسەری نووسرابوو " دۆزینەوە".

لە پێك هاتەی کەشتیەکەم کۆڵییەوە. بۆم دەرکەوت، هەرچەندە پڕ چەکە ،کەشتی جەنگ نیە. ئامێرەکان، دروست کردنی، چەکەکان، هەمووی وایان نیشان دەدا کە کەشتی جەنگ نیە. ئەوی وا نەبوو، بەئاسانی دەمزانی. دەترسام ئەستەم بێت، بزانم ئەم کەشتییە چیە. مۆدێلەکەی نازانم، بەڵام بیرم لەو مۆدێلە نامۆیەی دەکردەوە، لە شێوەی، چاروکەکانی، زەبەلاحیەکەی، زۆری چارۆکەکانی، پانی پێشەکەی، پانییەکەی، شێوە کۆنەکەی، هەستێکی نەزانراو بە

مێشکم دا دەهات، تێکەڵ دەبوو بە یادەوەرییە نەزانراوەکانم دەربارەی چیرۆکی نامۆی سەدەکانی ڕابوردوو.
تەختەکانی کەشتییەکەم پشکنی، دیتم لە مادەیەك دروست کراوە، نازانم چیە. تەختەکان سیفاتی تایبەتیان هەیە. سەرم لێ سوڕماوە. چونکە دەزانم ئەم تەختانە بۆ ئەم کارە نەگونجاوە. بەدرێژایی کات و ساڵانی کەشتیەوانی ئەم کەشتیە، کرم بۆشاییی لەوتەختانەدا دروستکردوە. بە درێژایی کات تەختەکان بۆگەن بوون. تێ بینیەکانم زۆر نامۆ بوون. تەختەکان شێوەی داری ئیسپانیان هەیە. کاتێك پێداچونیم لەسەر کەشتیەکەی پێشومان کرد، بە بیرم هاتەوە کە جارێکیان دەریاوانێکی هۆڵەندی، ماوەیەکی زۆر لە دەریادا مابووەوە، گوتبووی، هەندێ دەریا هەن، لەناویاندا، لە هیچە کەشتی دروست دەبێ، گەورە دەبێ، هەر وەکوو مرۆڤ ، نەش و نما دەکات.
دەم ژمێرێك لەمەوبەر، ئازایەتیەك هاتە ناو جەستەم، بە ناو دەریاوانەکاندا ڕۆیشتم، هەستیان پێ نەکردم، دەوریان دابوم، بەڵام گوێیان پێ نەدام. هەموویان جل و بەرگی کۆنیان لەبەر بوو، لە لاوازیان، ئەژنۆیان دەلەرزی. شانیان چەمابووەوە، پێستی جەستەیان بە هەوا وشك بوبوەوە. دەنگیان نزم و لەرزۆك بوو.

چاویان پڕ بوو لە فرمێسکی تەمەن، توکی سەریان، لە گەڵ با هەڵ دەوەری. پێداویستی ئەندازیاری کۆن، کە ئێستا بەکارنایەن، لە دەوروپشتیان کۆ بوو بووەوە.
هەروەکوو گوتم، لەو کاتەی کەشتیەکە دەستی کردبوو بە ڕۆیشتن بەرەو باشوور، چارۆکە بچوکەکە بلاّو بوو بووەوە، ڕەشابایەکی توند کەشتیەکەی ڕاو دەنا. بە هەموو توانایەکیەوە دەڕۆیشت، هەموو چارۆکەکانی بلاّو بووبوونەوە ، خێرایی زۆر تری دەدا بەکەشتیەکە. لاکانی چارۆکەکانی هێنابووە خوارەوە. لە ترسناکترین دۆزەخی شلی دابوین. دۆزەخێك بە بیری هیچ مرۆڤێکدا و تەنانەت بیریشی لێ بکاتەوە نایات.
سەرکەشتیەکەم بەجێ هێشت، چیتر نەمدەتوانی خۆم بگرم. دەریاوانەکان ، هیچ بێزارییەکیان پێوە دیار نەبوو. گەورەترین پەرجوو بوو، ئەم کەشتیە بەردەوامە و شەپۆلەکان قوتی نادەن بۆ بنی زەریای هەتا هەتایی. لە چارەنووسمان نوسراوە کە دەبێ لەو بێ کۆتاییە بسووڕێینەوە، لە بێشکەکەیدا نقوم نەبوین. بەسەر شەپۆلەکاندا هەڵ دەبەزینەوە. شەپۆل چی شەپۆل، هەریەکەی هەزار جاربە هێزتر لە شەپۆلی پێشوتر. وەکوو تیری تیژو سوکی باڵندەی نەورەس ، شەپۆلەکان دەڕۆیشتن. شەپۆلە زەبەلاحەکان،

وەکو شەیتانی قولاَییەکان بەسەرماندا دەبارین. چۆن شەیتانێك، هەموو ئەرکی هەرەشە و تۆقاندن بێ. ڕاکردنەکەم، لەو کاتەدا، بە هۆیەکی سروشتی دەزانم. وام دانابوو کەشتیەکە ، دیلی تەزوویەکی ئاوی زەبەلاح بێت.

کابتنم، ڕوو بە ڕوو لە ژووری تایبەتی خۆی دیت. هەروەکوو پێشبینیم دەکرد، هیچ گرنگیەکی پێنەدام. لە ڕواڵەتیدا، هەستم نەکرد لەو خەڵکانەی تر جیاواز بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەستێکی بەرگری نەکردنی، لێوە دەهات، پڕ بوو لە ترس سەرنج ڕاکێش. درێژ، لە درێژی بالاَی من بوو. واتا یەك مەترو شەست و پێنج سانتیمەتر. قەڵەو، هیچ نیشانەیەکی جیاکەرەوە لەسەر دەم و چاوی نەبوو. جگە لەو هەستە نامۆیەی لەسەر دەم وچاوی بەدی دەکرا. هێزێکی سەرنج ڕاکێشی بەتەمەن لە ناخمدا جێگیر بوو. هەرگیز ناسڕێتەوە، ناوچاوانی ئەستوور نەبوو. بەلاَم وای نیشان دەدا کە هەزاران ساڵە هەیە. چاوەکانی رصاصی، داهاتوی لەناودا دەخوێندرایەوە. زەوی ژورەکەی پڕبوو، داپۆشرابوو بە دەفتەری ژماردن. پێداویستە زانستیەکانی کۆن، نەخشە لە بیر کراوەکان. سەری شۆڕ کردبووەوە و لەسەر دەستەکانی دانابوو. تەماشای کاغەزێکی دەکرد، واژۆی حاکمی لە سەر بێ.

چرپە چرپێکی لەگەڵ خۆیدا کرد. هەروەکوو دەریاوانەکەی پێشو، هیچی لێ تێ نەگەیشتم. زۆر لێم نزیك بوو، بەڵام دەنگی بە شێوەیەك بوو، هەروەکوو بڵێ ی هەزاران کیلۆمەتر لێمەوە دووربێ. کەشتیەکە تێر بوو بە ڕووحی چەرخەکانی کۆن. کەشتیەوانەکان دەهاتن و دەچون، هەروەکوو، سێبەری سەدەکانی ڕابوردوو. لە چاویاندا، بە هیوایی بەدی دەکرا.

کاتێك دەستەکانیان لە پێش چراوگەکان، سێبەریان دروست دەکرد، هەستێك دەهاتە ناو ناخم، نەمدەزانی چیە. هەرچەندە حەزم لە شوێنەواری کۆن دەکرد. سێبەری دینگە ڕوخاوەکانی بەعلەبەگ، تەدمر و بیرسیبولیس. ئەوەتا ڕوحمە کەوتۆتە ناو شوێنەوارەکان.

کەتەماشای دەورو پشتم دەکرد، شەرمم لە ترسی پێشوم دەکرد. دەبوو بترسم بەرامبەر ئەم جەنگە – جەنگی ڕەشەبا و زەریا. وشەکان ناتوانن دەری ببڕن. شێوەی زریان توانای هیچ بیرێکیان نیە. کەشتیەکە دەورەی دراوە بە تاریکیەکی بێ کۆتایی و لافاوی هەتا هەتایی. لە دووری نزیکەی فەرسەخێك، لە هەموو لایەکەوە، شورێکی زەبەلاحی سەهۆڵ، بەرز بووەتەوە بۆ ئاسمان، بەدەرکەوت، هەروەکوو بڵێ ی شورەی گەردوونە.

ڕون بوو کەشتیەکە، دیلی ، هەوجایەکە، لە ناوەندی سەهۆڵی سپی. لە باشوور ، تریشقەی، بەهێزتر لە تاڤگەکان. ئەستەمە کەس بتوانێ لەهەستم تێ بگات. ئارەزوی چونە ناو ئەو هەرێمە ترسناکە، تێکەلاٌوی کردبوم لەگەڵ ناخۆشترین شێوازی مردن. ئێستا ئێمە لە ڕێگاین، بگەینە دۆزینەوەیەکی زۆر گرنگ – بگەینە نهێنیەك، ناتوانین باسی بکەین. چونکە زانینی مردنە. وا پێ دەچێ ئەو هەوجایە بەرەو جەمسەری باشوورمان دەبات. ئەگەرێکی پێش بین کراوە.

کەشتیەوانەکان، دەهاتن و دەچوون، بە هەنگاوی لەرزۆك. هەستی بێ هیوایی بەسەریاندا زاڵ بووبوو. کەشتیەکە هەموو چارۆکەکانی بلاٌو کردبووبوەوە. ڕەشەبا لە پشتمانەوە دەهات. کەوتینە ناو سەهۆڵ بەندان و بەفر. کەشتیەکە ڕێ ی دەبڕی، سەهۆڵی دەشکاند. سەهۆڵە شکاوەکان بۆ لای ڕاست وچەپ، بازنەیەکی ترسناکیان بە دەورماندا دروست دەکرد. هەروەکوو لەناو شانۆیەکی دیوار تاریك بیت. کاتی بیرکردنەوەی چارەنوسم زۆر کەم بووبوەوە. بازنە سەهۆڵەکان تەسك دەبوونەوە. دەنگی زەریا و هاشەی زریان، کەشتیەکەی بەم لاو ئەولادا دەدا. ئای خوایە! دیار نامێنێ – نقوم دەبێ . وەرگێر لە 2020/3/18 لە هەولێر کردویە بە کوردی.

## پێنجەم : ئاژەڵێکی نامۆ

لەکاتی بلاّو بونەوەی پەتای کۆلێرا نەهامەتەکەی نێویۆرك ، خزمێکم بانگهێشتی کردم بۆ ماڵە هاوینیەکەی کەناری هدسن ماوەی دوو هەفتە لە گەڵیدا بەسەر ببەم. گەلێ جۆرە ئامێری کات بەسەر بردنی  ئەوانەی سەیرانکەران بەکاری دەهێنن لێبوو، زۆر کاتێکی خۆش و جوانمان لەناو دارستانەکان بەسەر دەبرد، و بە وێنەکێشان، بەلەمەوانی، ڕاوکردن، مەلەوانی و مۆسیقا و کتێب، ئەگەر ڕۆژانە هەواڵی تۆقێنەرمان دەربارەی شارە ئاوەدانەکەمان پێ نەگەیشتبا. ڕۆژێك نەبوو هەواڵی مردنی یەکێك دەیناسین پێ نەگەیشتبا. لە ڕاستیدا چاوەڕوان بوین ، بە هۆی زۆر بوونی مردن، هەموو ڕۆژێ هەواڵی مردنی هاوڕێکانمان پێ دەگەیشت. وامان لێ هاتبوو کاتێ هەواڵگرەکە بەرەو ڕومان دەهات هەڵ دەلەرزین. وا پێ دەچوو ئەو هەوایەی لە باشوورەوە دەهات بەمردن قورس بوو بوو. لە ڕاستیدا ئەم هەستە کوشندەیە ڕوحی داگیرکردبووم، و نەمدەتوانی قسەبکەم یان گرنگی بدەم یان خەون بە شتێکی ترەوە ببینم. خانەخوێیەکەم هەستی ساردتر بوو، هەوڵی دەدا خەمەکانم لەسەر کەم بکاتەوە. هیچ ساتێك شتی نیگەران کاری لە زیرەکی

فەلسەفی قوڵی ئەوی نەکرد. بەڕاسی هەستی بە تۆقین دەکرد بەڵام لە نیگەرانییەکانی نەدەترسا.

زۆر هەوڵی دەدا لەو دۆخەخراپەی تێ ی نقوم بوو بووم ڕزگارم بکا، هەندێ کتێبم لە کتێبخانەکەیدا دۆزیەوە. لەو جۆرە کتێبانەی هەستی پڕوپووچ لەلای مرۆڤ دروست دەکا، ئەم هەستانەش لە قوڵایی جەستەم چەسپابوو. بەبێ ئاگاداری ئەو کتتێبەکانم خوێندەوە، لەبەر ئەوە بوو زۆر جار ڕونکردنەوە هیلاکەکان لە مێشکم دا تێکەڵاو دەبون.

ئەو بابەتەی بەتایبەت گرنگ بوو لەلام ئەوە بوو باوەڕی میللی بەزانینی پێش ڕودانی ڕوداوەکان و پێشبین کردنیان—ئەوەش باوەڕێك بوو لەم قۆناغەی ژیانم دا ئامەدەبووم بەرگری لێوە لێ بکەم – زۆر جار دەچوینە ناو گفتوگۆی دوورو درێژی زیندو تابیەت بەم بابەتە—بەردەوام نکۆمی دەکرد لەو بیرۆکانە و باوەڕی بێ ی نەبوو، وادەزانم هەستی میللی دروست دەبێ بە بێ بونی هیچ پاڵ نەرێك—مەبەستم بەبێ بونی هیچ دیاردەیەك—لەناخی دا بونی توخمی ڕاست و بەڕێژەیەکی زۆر بەدواچوونی لەسەر بکرێ.

دوای گەیشتنم بەو هاوینە هەوارە، روداوێك هاتە پێش ، بەبێ هیچ ڕون کردنەوەیەك خۆم پاڵەوانەکەی بووم ، ئەوەندە دوودڵی تێدا بوو ، تەنها خۆشم لەو نەهامەتیە بە دوور بگرم. زۆر لێ ی ترسام و لەهەمان کات دا سەرم سوڕمابوو و تێك چوبووم، هەرچەندە چەند ڕۆژێك بەسەر ڕوداوەکەدا ڕۆیشتبوو بە بێ ئەوەی بتوانم بۆ هاوڕێکەمی باس بکەم.

لە کۆتایی ڕۆژێکی زۆر گەرم بەرامبەر پەنجەریەك دانیشتبووم بەسەر کەناری ڕوبارەکە دا دەی ڕوانی، کتێبم دەخوێندەوە، بەهۆی دارمانی خاك، قەدپاڵەکەی بەرامبەرم ڕوت بووەوە، زۆربەی دارەکانی نەما. هۆشم دابەش بوو بوو لەنێوان ئەو کتێبەی دەم خوێندەوە و ئەو ماڵوێرانیەی بەسەر ئەوشارەی نزیکمان دا هاتبوو. کاتێك سەرم بەرز کردەوە و تەماشای قەدپاڵی گردە ڕوت بووەوەکەم کرد شتێکم هاتە بەرچاو—خولقاوێکی نامۆی تێك چوو بەخێراییی لە لوتکەی گردەکەوە هاتە خوارەوە و لەناو دارستانە چڕەکە دیار نەما. کاتێك دیتم باوەڕم بە چاوم نەکرد، چەند خولەکێك تێپەڕی نەمتوانی باوەڕ بە خۆم بکەم کە من شێت نیم و لەخەودا نیم.

ئەگەر تەماشای ئەو خولقاوە تێکچوە بکەی ، و بەراوردی بکەی بە تیرەی ئەو دارانەی بەتەنیشتیان دا تێ پەڕی، ئەو دارە گەورانەی لە دارمانی خاکەکە ڕزگاریان بوو بوو، بۆم دەردەکەوت کە زۆر گەورەترە لەو پاپۆڕانەی تاوە کوو ئێستا دیتومن، دەڵێم پاپۆڕی بار هەلگرتن چونکە خوڵقاوەکە هەمان شێوەی هەبوو. ئەو ئاژەڵە لوتێکی هەبوو نزیکەی بیست تاوەکوو بیست و سێ مەتر درێژ دەبوو، زۆر گەورە بوو وەکوو جەستەی فیل. واپێ دەچوو لە بن لوتی کەمێکی زۆری خوری ڕەشی چونە ناویەك هەبوو، بۆ لاکانی و ژێرەوەی بلاّو بوو بووەوە، دوو ددانی درێژ بەددانی بەراز دەچوو، بەلاّم زۆر درێژتر بوون. وە درێژ بوو بوونەوە بەرەو پێش تەریب لەگەل لوتی بۆڕیەکی نزیکەی دە بۆ سێزدە مەتر، بە بلور دەچوو لە سەر شێوەی مەوشوور، بەشێوەیەکی زۆر جوانی دەگمەن تیشکی خۆر ئاوابوونی دەدایەوە. بەلاّم شێوەی لوتی لەلای خوارەوەی لەسەر شێوەی گۆشە بوو. ئەم ئاژەڵە نامۆیە چوار باڵی هەبوو— درێژی هەر باڵێکی نزیکەی نەوەت مەتر دەبوو—هەر دووباڵی لەسەر دووباڵەکەی تری چەسپ دەبوو، وا پێ دەچوو هەموو باڵەکانی بە پولەکی فلزی داپۆشرابوون، تیرەی هەر پولەکێك سێ هەتا چوار مەتر دەبوو. تێ بینیم کرد باڵەکانی بە زنجیرێکی

بەهێز بەستڕابوونەوە. ئەوەی ئەو ئاژەڵە ترسناکەی جیادەکردەوە، وێنەی سەرێکی مردو نزیکەی هەموو سینگی داپۆشیبوو زۆر بەڕونی وێنەکێشرابوو بەڕەنگی سپی لە سەر جەستە تاریککەی دەدرەوشایەوە، هەروەکوو بڵێ ی هونەرمەندێك وێنەی کێشا بێ. کاتێك تەماشای ئەو ئاژەلە زەبەلاحەم دەکرد، بەتایبەتی ئەو وێنەیەی لەسەر سینگی بوو، ترس و ماتەمی تێکەڵاو—بەهەستێکی قورس لە سەر سەرم هەڵواسرابێ بە هەموو هەوڵێکی عەقڵم نەمدەتوانی بیبەزێنم، هەر دوو شەویلاکە گەورەکەی لە کۆتایی لوتی دیار بوو، لەناکاو دەکرانەوە و دەنگێکیکی غەمگینیان لێوە دەهات و لە دەمارەکانی دەدا هەروەك ماتەمینی، ئەو کاتەی ئاژەڵەکە لە لای خوارەوە دیار نەما کەوتم لە هۆش خۆم چوم.

کاتێك بە هۆش خۆم هاتمەوە ، ئامانجی یەکەمم ئەوە بوو بە هاوڕێکەم بڵێم چیم دیت و چیم بیست، چۆن ئەو هەستە پیسەی بەسەرم داهات نەی هێشتم بۆ هاوڕێکەمی باس بکەم. ئێوارەیەك لە دوای سێ تا چوار ڕۆژ بەسەر ڕوداوەکە، بەیەکەوە لەو ژورەی ئاژەڵەکم لێ دیت دانیشتبووین—لەسەر هەمان کورسی دانیشتبوم، و هاوڕێکەم لە سەر تەختەکەی نزیکمان پاڵیدابووەوە. کات و شوێنی دانیشتنەکەمان پاڵی پێوەنام بۆی باس بکەم. تا کۆتایی گوێ

ی لێگرتم—لە سەرەتادا لەناخی دڵیەوە پێ کەنی—دوایی شێوازێکی دانیشتی سەیری کرد، وا بەهەستی دا هاتبێ گە من بێ گومان شێت بووم. لەوساتەدا ئاژەڵە شێواوەکەم زۆر بە ڕونی جارێکی تر دیت—یەکسەر، بەهاواریکی غەمگین ئاماژەم بۆ کرد. خێرا تەماشای کرد گوتی هیچی نەدیت، بەڵام من دیتم بە قەدپاڵی گردە ڕوتەکەدا هاتە خوارەوە.

دوای ئەوە پڕ بوم لە ترس و خەمۆکەی کۆتایی نەهاتو، چونکە من وام دانا کە ئەم دیاردەیە یان ئاماژەی مردنمە وە یان نیشانەی شێت بونمە ، وە ئەمەش خرابترە. زۆر بە تورەیی پاشەکشەم کرد ، بۆ جەند خولەکێك سەرم خستە سەر دەستەکانم. کەسەرم هەڵبڕیەوە، دیاردەکە دیار نەمابوو.

خانەخوێیەکەم هێمن بوەو بەوردی دەربارەی ئەو ئاژەڵە خولقاوەی دیتم لێ دەپرسیم. کاتێك بەتەواوی لەم بارەیەوە ڕازیم کرد، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، هەروەکوو ئەوە وابوو ڕزگاری بوو لە قورساییەکی زۆر و بە هێمنی بەردەوام بوو لە قسەکردن، هەستم کرد ئازاردەر و قورسە لەسەری، لەسەر بابەتی فەلسەفی کە تاوەکوو ئێستا بابەتی دەردەشەمان بوو. لە یادمە کە بەتایبەتی سوور بوو لەسەر ئەو بیرۆکەیەی دەڵێ سەرچاوەی هەڵەی بنچینەیی، لە

هەموو تویێژینەوەیەکی مرۆڤایەتی دا، خۆی شاردۆتەوە لە بوونی ئارەزوو لە سەر کەم کردنەوە یان زۆر کردنی گرنگی بابەتێك، تەنها بە کورتی خەڵماندنی ئەو دوریەی جیامان دەکاتەوە. گوتی بۆ ئەوەی بتوانین بیخەملێنین کاریگەری بلاّو بوونەوەی بنەماکانی دیموکراسی لە سەر مرۆڤایەتی، دوری ئەو قۆناغەی کە دەکریّ ئەم بلاّو بوونەوەیەی تیّ ی دا تەواو بکریّ، پێویستە شوێنی ون نەکات لە نێوان بژاردەی کێشەکە. ئایا دەتوانی نوسەرێك لەسەر بابەتی حکوومەت دیاری بکەی ، باسی کێشەکەی لەو گۆشەیەوە بینیبیّ سود بەخش بوو بیّ؟

لێرەدا بۆ چەند چرکەیەك بێدەنگ بوو، چەند هەنگاوێك لە کتێبخانەکەدا ڕۆیشت و کتێبێکی دەربارەی مێژووی سروشتی هەڵگرت. داوای کرد شوێنمان ئاڵ و گۆڕ بکەین بۆ ئەوەی لە ڕوناکی بتوانیّ باشتر بخوێنێتەوە، دەستی کرد بە قسەکردن کتێبەکەی کردەوە، گوتی:

لەوانەیە نەمتوانیبا ئەم ئاژەڵە نامۆیەت بۆ ڕون بکەمەوە، ئەگەر تۆ ئاوا بەوردی بۆمت باس نەکردبایە. ڕێگام بدە باسی ئاژەڵی جۆری سەفێنکس ( جەستەی شێر و سەری ئافرەت) بۆ بکەم، لە

خێزانی ئەو ئاژەڵانەیە کەتەنها کاتی خۆرئاوا بوون دێتە دەرەوە، لە گەرمی باڵەکانیان، لە جۆری مێشولەکان، بەم شێوەیەیە:

" چوار باڵی پەردەیی داپۆشراوە بە پولەکی بچوکی ڕەنگاو ڕەنگ لەشێوەی فلز، دەمی لە شێوەی لوتێکی لول بوو، بە هۆی درێژبوونەوەی شەوێلکەی لەتەنیشتەکانی ئەندامی دەست لێ دانی هەیە لە شێوەی چەسپ، دوو باڵەکەی ژێرەوەی بەخوری مەتین بەیەکەوە بەستراون ، دووشاخ لە شێوەی بۆڕی، سکێکی قۆقز. هەندێ جار ئاژەڵی سەفێنکس- سەری مردو ترسیەك دەدا بە خەڵکی سادە، بە هۆی ئەو هاوارە غەمگینەی لێ یانەوە دێ ، بە هۆی ئەو هیما دڵتەزێنەی لە سەر سینگی هەڵی دەگرێ."

کتێبەکەی داخست و خۆی چەماندەوە لە سەر کورسیەکە بە هەمان شێوەیەی کە من دانیشتبوم کاتێك ئاژەڵە نامۆکەم بینی ئەویش دانیشت. لەناکاو هاواری کرد و گوتی:

ئای، ئەوەتا! بەگردەکەدا دێتە خوارەوە، لەگەڵتام ئەم ئاژەڵە شێوەکەی سەرسووڕهێنەرە. بەلأم وا گەورە نیەو وا دوور نیە وەکوو ئەوەی تۆ گوتت، لە ڕاستیدا ، بەسەر ئەو داوەی جاڵ جاڵکەیەك بە درێژایی پەنجەرەکە دروستی کردوە دەڕوات، کورت ترە لە یەك لەسەر شازدەی یەك ئینج ، وە هەر ئەوەندەش لە چاومەوە دورە .وەرگێر لە 2020/4/2 لە هەولێر کردویە بە کوردی.



# وەرگێڕ:

**پ.ی.د. محەمەد عەزیز سەعید**

**لە 1953/9/27 لە شاری قەڵادزێ لە دایك بووە.**

**خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی هەر لە قەڵادزێ تەواو کردووە.**

**لە 1977/6/26 بە پلەی یەکەم بەشی فیزیا/ کۆلێژی زانست/ زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردوە، وەزیری خوێندنی باڵا خەڵاتی سەرۆککۆماری پێبەخشیوە.**

**لە 1980/12/12 بڕوانامەی ماستەری لە بواری کەشناسی لە زانکۆی بەرمەنگهام لە وڵاتی بەریتانیا بە دەست هێناوە.**

**لە 2001/8/25 بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری گەردووناسی لە بەشی گەردوون/ کۆلێژی زانست/ زانکۆی بەغداد وەدەست هێناوە.**

**ئێستا مامۆستایە لە بەشی زانستی گشتی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی سەلاحەددین.**

**بەرهەمەکانی:**

**دەیان بابەتی زانستی و وێژەیی لە ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆڤاری کاروان، گۆڤاری زانکۆ پریس بلاّو کردۆتەوە.**

**لە کەناری ئاوەکانی بابیلۆن، 22 کورتە چیرۆك، وەرگێڕ لە ئینگلیزیەوە کردونی بە کوردی. کانونی دووەم 2022.**

**باڵە تێکشکاوەکان... ڕۆمان ، جبران خلیل جبران، وەرگێڕ لە ئینگلیزیەوە کردویە بە کوردی. تەموز 2022.**

**بنەماکانی زانستی بەرگی هەوا. ئاب 2022 .**

**ڕۆبنسن کرۆسۆ، دانێڵ دیفۆ.... وەرگێڕ لە ئینگلیزیەوە کردویە بە کوردی. ئاب 2022**

**مۆبایل:** 07504622954

**ئیمێڵ:** mohammed.aziz@su.edu.krd